# شیکردنەوەی جوگرافی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە شاری سیدصادق

پ.ی.د.شاد حمید محمد
shad.rasul@univsul.edu.iqi

پ.ی.د.احمد رفیق کریم
Ahmed.karim@univsul.edu.iq

بەشی جوگرافیا، کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ١\٧\٢٠٢٤ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:١٨\٨\٢٠٢٤

**پوختە:**

خزمەتگوزاری تەندروستی یەکێکە لەو خزمەتگوزاریانەی کەڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە شارەکاندا و دەبنە مایەی شارستانی و بەرەوپێشچوونی شارەکە، بەمەرجێك بۆ فەراهەمکردنی پێداویستییە پزیشکییەکانی تەواوی دانیشتوانی شارەکەبن و هاوتابن لەگەڵ پێوەرە جیهانیەکان.ئامانجی توێژینەوەکە خستنەڕووی بارودۆخی خزمەتگوزاری تەندروستییە لە شاری سیدصادق بۆ ساڵی 2024، هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری تەندروستی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە بەراورد بە پێوەرەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی کۆماری عێراقی فیدڕاڵ ئەنجام دراوە پاڵپشت بە بەکارهێنانی سیستمی زانیارییە جوگرافییەکان. بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە دابەشبکراوە بۆ سێ بەش بەشی یەکەم ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دابەشبوونی خزمەتگوزاری تەندروستییە لە شاری سیدصادق، هەرچی بەشی دووەمە بریتییە لە شیکردنەوەی تایبەتمەندی شوێنجیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی شارای سیدصادق و بەشی سێیەم تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی توانستی وەزیفی خزمەتگوزاری تەندروستی و ئاسۆی داهاتووی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە شارەکەدا بۆ ئەم مەستەش چەند متیودێ بەکارهاتووە لەوانە متیودی وەسفی و میتۆدی شیکاریی. لەکۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەوەی کە خزمەتگوزاری تەندروستی لە ناوچەی توێژینەوە تەنها (1) نەخۆشخانەی گشتی پەنجا قەرەوێڵەیی و (2) مەڵبەندی تەندروستی و (3) بنکەی تەندروستی تێدا هەیە،هەروەها (71 )پزیشك و (216) خاوەن پیشەی تەندروستی هەیە، هەروەها بری (6)دەرمانخانە و ژمارەی تاقیگە (3)تاقیگە و ژمارەی تیشك (2)دانەی هەیە ،. هاوتا نیە لەگەڵ پێوەرەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی کۆماری عێراقی فیدڕاڵ.

**کلیلە وشە:** دابەشبوونی جوگرافی، خزمەتگوزاری تەندروستی. پێوەرەکان.

**پێشەکی**

شارەکان ئەو ناوەندانەن کە خزمەتگوزاری جۆراوجۆر بە خودی شارەکەو هەرێمەکەیان دەکەن، یەکێك لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بریتییە لە خزمەتگوزاری تەندروستی کە پێداویستی سەرەکی دانیشتوانە دوای بەدەستهێنانی خۆراك. ڕۆژ بەڕۆژ ئەم پێداویستییە لەلایەن دانیشتوانەوە زیاتر دەبێت بەهۆی زۆربوونی دانیشتوان و بەرزبونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکان بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی تەندروستر، زووتر و زۆرتر سەردانی ئەم ناوەندە خزمەتگوزارییانە دەکەن. هەر بۆیە لە ئێستادا ژمارە و جۆری ئەم حزمەتگوزارییانە ئاستی پێشکەوتووی شارەکان دیاریدەکەن. هەربۆیە لە ڕووی جوگرافییەوە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ ئەم خزمەتگوزارییە لە شاری سیدصادق دەکەین، تاوەکو ئاستی ئەم خزمەتگوزارییەو شێوازی دابەشبوونی دیاری بکەین.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە**

گرنگی لێکۆڵینەوەکەمان بریتییە لە :

گرنگی توێژینەوەکە لە چەند لایەنێکەوە خۆی دەبینێتەوە، ئەوانیش:

1- هەڵسەنگاندێکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی لە شاری سیدصادق دەکەین.

2- رێبەرێکی باش و گرنگ دەبێت چ بۆ حکومەتی هەریمی کوردستان، چ بۆ وەزارەتی پلان دانان، چ بۆ وەزارەتی تەندروستی چ بۆ توێژەران و لێکۆڵیارانی ئەم بوارە، تا بتوانن توێژینەوەی هاوشێوە لە ناوچەی توێژینەوە ئەنجام بدەن.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە**

لێکۆڵینەوەکە ئەم ئامانجانەی خستۆتەڕوو:

1-شیکردنەوەی جوگرافی بۆ شێوزای دابەشبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی لە شاری سیدصادق.

2-هەڵسەنگاندنی ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی و پاشان مەزەندەکردنی پێداویستییەکانی لە ئیستا و داهاتوودا بەپێی ژمارەی دانیشتوان.

**کێشەی لێکۆڵینەوەکە**

1-ئایا خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ دابەشبوون بەسەر گەڕەکەکانی شاری سیدصادق.

2-ئایا خزمەتگوزارییە تەندروستیەکانی شاری سیدصادق گونجاوە لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانانی کۆماری عێراقی فیدراڵ.

**گریمانەی لێکۆڵینەوە**

1- خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی بەشێوەی یەکسان و هاوسەنگ دابەشنەبوون لە گەڕەکەکانی شاری سیدصادق.

2- جۆر و بڕ و دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی شاری سیدصادق هاوتا نین لەگەڵ پێوەرەکانی ئەم کەرتەی کۆماری عێراقی فیدراڵ

**میتۆدی لێکۆڵینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا بۆ گەیشتن بەئامانجەکان و دەرخستنی لایەنە زانستییەکانی چەند متێۆدێك بەکارهاتوون ئەوانیش متێۆدی وەسفی و شیکاری بەکار هاتووە.

**پلانی لێکۆڵینەوەکە**

بۆ خستنە ڕووی لایەنەکانی لێکۆلینەوەکە ئەم لێکۆڵینەوەیە دابەشکراوە بۆ سێ باس کە پێکدێن لە بەشی یەکەم ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دابەشبوونی خزمەتگوزاری تەندروستییە لە شاری سیدصادق، هەرچی بەشی دووەمە بریتییە لە شیکردنەوەی تایبەتمەندی شوێنجیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی شارای سیدصادق و بەشی سێیەم تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی توانستی وەزیفی خزمەتگوزاری تەندروستی و ئاسۆی داهاتووی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە شارەکەدا.

**باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان:**

لەم بەشەدا ناوچەی لێکۆڵینەوە دەناسێنین لە ڕووی جوگرافییەوە پاشان خزمەتگوزاری تەندروستی دەخەینە ڕووی لە ڕووی برو شێوازی دابەشبوونییەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم بەشەمان دابەشی سێ باس کردوەو ئەوانیش:


**یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە**

شاری سیدصادق ناوەندی قەزای سیدصادقە ئەم قەزایە دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانییەوە، بە دووری (60)کم لە سەنتەری شاری سلێمانییەوە دوورە، هاوسنورە لەگەڵ قەزای چوارتا لە باکور، قەزای پێنجوین لە باکوری خۆرهەڵات، پارێزگای هەڵەبجە لە باشوری خۆرهەڵات، قەزای شارەزوور لە باشوری خۆرئاوا، قەزای سلێمانی لە خۆرئاوا. نەخشەی (1).

ئەم هەڵکەوتە جوگرافیەی وایکردووە بۆتە پردی پەڕینەوە لە نێوان پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجە لەلایەك و لە لایەکی ترەوە بەستنەوەی پارێزگاکەیە بە ڕێگای سەرەکی سلێمانی و مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ لەسەر سنوری کۆماری ئیسلامی ئێران.

شاری سیدصادق دەکەوێتە بەشی باشوری خۆرهەڵاتی قەزاکە، مێژووی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1955) و پێکهاتووە لە (25) گەڕەك ڕووبەرەکەی (35)کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و ژمارەی دانیشتوانەکەی بۆ ساڵی 2024 (80408)کەسە (حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانانی خکومەتی هەرێم، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، 2024.) سەبارەت شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی(34" 25' 35° - 45" 19' 35°) باکور و هەردوو هێڵی درێژی(20" 54' 45° - 34" 48' 45°)خۆرهەڵات. ناوەندی بەرزیی ئەم قەزایە (560)م لە ئاستی ڕوی دەریاوە. نەخشەی (1).

نەخشەی (1) شوێنی جوگرافی شاری سیدصادق بەپێی قەزای سیدصادق و پارێزگای سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە، 2024.

**دووەم: دابەشبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی لە شاری سیدصادق**

یەکێك لە هۆکارەکانی دیارکردنی ئاستی شارستانیەتی وولاتان خزمەتگوزاری تەندروستییە، چونکە بەرزی ئەم خزمەتگوزارییە دەبێتە هۆی کەمبونەوەی نەخۆشی و زیادبوونی چالاکی ئابووری و زیادبوونی بەرهەم، پێوەرێکی گرنگە بۆ ژیانی شار و هەرێمەکەی، ئامانجی سەرەکی ئەم خزمەتگوزارییە دەستەبەرکردنی تەندروستی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری چارەسەرە بە دانیشتوان(الرواندزی، 2019، ص26).

لەم باسەدا تیشك دەخەینە سەر خزمەتگوزارییە حکومییە تەندروستیەکانی شاری سیدصادق لە ڕووی ژمارە و ڕێژە بەپێی جۆرە جیاوازەکان، کە ئەمەش چەند جۆرێکن (نەخۆشخانە، مەڵبەند، بنکە، کۆمەڵگەی پزیشکی) هەروەها هەموو ئەوکارمەندانەی کە خزمەت پێشکەش دەکەن هە لە (پزیشك، پەرستیار و کارمەندی تەندروستی) بەم شێوەیە:

**1: دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەی نەخۆشخانە و مەڵبەند و بنکە تەندروستییەکان:**

خزمەتگوزاری تەندروستی بریتییە لە کۆی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە کەرتی تەندروستی پێشکەشی دەکات لەسەر ئاستی وڵاتدا، بۆ چارەسەرکردنی مرۆڤەکان و پاراستنیان لە نەخۆشییەکان، هەموو ئەمانە ئەنجامدەدرێت بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی دانیشتوان و کۆمەڵگە، ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بەدانیشتوان دەکرێت،لەڕێگای دەزگا تەندروستییەکانەوە وەکو (نەخۆشخانە، سەنتەری تەندروستی، ...هتد) لە ڕێگەی ئەو کەسانەی کە لەم دامو دەزگایانەدا کاردەکەن(قادر، 2020،ل43). شاری سیدصادق (1) نەخۆشخانەی (50) قەرەوێڵەیی و (2) مەڵبەندی تەندروستی و (3) بنکەی تەندروستی، (1) کۆمەڵگەی پزیشکی ددانی هەیە، خشتەی ژمارە(1) کە بەسەر بەشە جیاوازەکانی شارەکەدا دابەشبوون. بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین بەرامبەر ژمارەی گەڕەکەکان دەبینین جیاوازییەکی

زۆر هەیە چونکە شاری سیدصادق لە (25) گەڕەك پێکهاتوون بەڵام سەرجەمی دامەزراوە تەندروستییەکان (7) دامەزراوەن بەسەر (6) گەڕەکدا دابەشبوون، واتە گەڕەکەکان نزیکەی (3.4) ئەوەندەی دامەزراوەکانن. بۆیە لە وەها دۆخێکدا، هاوسەنگی لە دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان بەسەر گەڕەکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەدی نایەت چونکە لەگەڵ کەمی ئەم خزمەتگوزارییە هەندێك لە گەڕەکەکان زیاد لە خزمەتگوزارییەکی تیایە لە کاتێکدا بەشێکی زۆری گەڕەکەکان بێ خزمەتگوزارین. بۆ نمونە تەنها لە گەڕەکی سەروەران دوو خزمەتگوزاری تەندروستی بەرکەتوووە، ئەوانیش بریتین لە نەخۆشخانەو سەنتەری ددان، سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی تر بەسەر گەڕەکە جیاوازەکاندا دابەشبوون. سەبارەت بە مەڵبەندە تەندروستییەکان کە دوو مەڵبەندن یەکێکیان دەکەوێتە گەڕەکی ڕۆژهەڵات لە بەشی باشوری خۆرهەڵاتی شارەکەدا ئەوی تریان دەکەوێتە گەڕەکی خانزاد لەبەشی خۆرئاوای شارەکە، سێ بنکەی تەندروستیش لە شارەکەدا بوونیان هەیە، یەکێکیان دەکەوێتە خۆرئاوای شارەکە لە گەڕەکی سەراوی خواروو و دوو بنکەکەی تریان دەکەوێتە باکوری شارەکە لە گەڕەکی شانیدەری کۆن و تازە. کەواتە ژمارەی ئەو گەڕەکانەی کەخزمەتگوزاری تەندروستیان تێدایە (6) گەڕەکن ڕێژەی (24%) گەڕەکەکانی شارەکە پێکدێنن.


خشتەی (1) دابەشبوونی ژمارەیی وڕێژەی نەخۆشخانە و مەڵبەند و بنکە تەندروستییەکان لە شاری سیدصادق

| ناوی گەڕەك | سەروەران | خانزاد | سەراوی خواروو | ڕۆژهەڵات | شانەدەری کۆن | شانەدەری تازە | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەخۆشخانە | 1 | - | - | - | | - | 1 |
| ڕێژە (%) | 100 | | - | - | | - | 100 |
| مەڵبەندی تەندروستی | - | 1[1] | - | 1 | | - | 2 |
| ڕێژە (%) | - | 50 | | 50 | | - | 100 |
| بنکەی تەندروستی | - | - | 1 | - | 1 | 1 | 3 |
| ڕێژە (%) | - | - | 33.3 | - | 33.3 | 33.4 | 100 |
| کۆمەڵگەی ددان | 1 | - | - | - | | - | 1 |
| ڕێژە (%) | 100 | - | - | - | | - | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، نەخۆشخانەی شەهید شەوکەت، داتای بڵاونەکراوە، 2024.

[1] مەڵبەندی تەندروستی فەرماندە ئەسعەد بێرشکەیی تایبەت کراوە بە مەڵبەندی خۆپارێزی، لە ئێستادا خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەشی چارەخواز ناکات.

نەخشەی (2) دابەشبوونی جوگرافی نەخۆشخانە و مەڵبەند و بنکە و کۆمەڵگەی تەندروستی لە شاری سیدصادق



سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەست بە:حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، 2024.

**2: دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەی پزیشك و پەرستیار و خاوەن پیشەی تەندروستییەکان:**

ستافی مرۆیی پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری تەندروستی کە خۆیان لە پزیشك و پەرستار و کارمەند...هتد دەبینەوە، کاریگەری گەورەیان لەسەر ڕادەی چالاکی خزمەتگوزاری تەندروستی هەیە، چونکە خزمەتگوزاری تەندروستی لە گرنگترین و هەستیارترین خزمەتگوزارییە گشتییەکانە کە هاوڵاتیان ڕۆژانە پێویستییەکی زۆریان پێیەتی، هەر بۆیە حکومەتەکان لە هەوڵی دابینکردنی ئەم پێداویستییە بنەڕەتییەدان، بە ڕەچاوکردنی جۆرو تایبەتمەندی و دابەشبوونی جوگرافییان.ژمارە و پسپۆری ستافی مرۆیی تەندروستی بە پێی ناوەندە خزمەتگوزارییەکانی ناوچەی توێژینەوە دەگۆڕێت، کۆی ژمارەی پزیشکی ناوچەی لێکۆڵینەوە بریتیە لە(71)پزیشك، کە (69)پزیشك و ڕێژەی (97.1%)ی کۆی پزیشکی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە گەڕەکی سەروەری لە بەشی ڕۆژئاوای شارەکە، هەرچی گەڕەکی ئاشتییە (2) پزیشك  لە مەڵبەندە تەندروستیەکاندان بە ڕێژەی (2.9%)ی کۆی پزیشکانی ناوچەی توێژینەوە. بێگومان کاری نەخۆشخانەکان تەنها بە کارمەندە پزیشکەکان تەواو نابن بۆ تەواوکردن و هاریکاری پزیشکان چەندین کارمەندی تەندروستی و ئاسایی لە نەخۆشخانەکاندا هەن وەك (پەرستیار و برین پێچ و مامان و سڕکردن ...)  کە ژمارەیان لە سەرجەم شارەکەدا (216) کارمەندە، بەشی هەرە زۆریان دەکەونە گەڕەکی سەروەران  تێکرا (143) و ڕێژەی (66%) کارمەندی پزیشکی و شارەکە پێکدێنن هەرچی گەڕەکی ڕۆژهەڵات بە پلەی دووەم دێت (42) کارمەندی تەندروستی لە فەرمانگە تەندروستیەکانیدایە ڕێژەی (19.5%) کۆی کارمەندانی تەندروستی ناوچەی لیضکۆڵینەوە پێکدەهێنن. گەڕەکی خانزاد بە پلەی سێیەم دێت بە بوونی ڕاژەی(18) کارمەندی تەندروستی لە فەرمانگە تەندروستیەکانیدایە بە ڕێژەی (8.4%) و گەڕەکی شانیدەری کۆن بە پلەی چوارەم دێت بە بوونی خزمەتکردنی(6) کارمەندی تەندروستی لە فەرمانگە تەندروستیەکانیدا و بە ڕێژەی (2.8%) و گەڕەکی شانیدەری تازە بە پلەی پێنجەم دێت

بە کۆی(4) کارمەندی تەندروستی لە فەرمانگە تەندروستیەکانیدایە بە ڕێژەی (1.9%). گەڕەکی سەراو بە پلەی شەشەم دێن بە بوونی (3) کارمەندی تەندروستی لە فەرمانگە تەندروستیەکانیدایە بە ڕێژەی (1.4%)ی کۆی کارمەندانی تەندروستی ناوچەی لێکۆڵینەوە.یەکێکی تر لەو کارمەندانەی کەخزمەت لە فەرمانگە تەندروستییەکاندا دەکەن خاوەن پیشەی ئیداری لە سەرجەم شارەکەدا (148)خاوەن پیشەی ئیداری هەیە، کە بەشی هەرە زۆری دەکەوێنە گەڕەکی سەروەران بە کۆی (97) خاوەن پیشەی ئیداریی و ڕێژەی (65.6%) شارەکە پێکدێنێت هەرچی گەڕەکی ڕۆژهەڵات بە پلەی دووەم دێت (36) خاوەن پیشەی ئیداریی لە فەرمانگە تەندروستیەکانیدایە بە ڕێژەی (24.4%). گەڕەکی خانزاد و شانیدەری کۆن و سەراو یەك لە دوای یەك پلەی سێیەم و چوارەم و پێنجەم دێت بە کۆی (12)، (2)، (1) خاوەن پیشەی ئیداریی لە فەرمانگە تەندروستیەکانیدایە بە ڕێژەکانی (8.4%) و (2.8%) ، (1.4%). خشتەی (2). لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ڕاستە هاوسەنگی نییە لە نێوان گەڕەکەکاندا لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییەکان بەهەمان شێوە نا هاوسەنگی هەیە لە ڕووی دابەشبوونی پزیشك و کارمەندانی تەندروستی بەسەر خزمیتگوزارییەکاندا.

خشتەی (2) دابەشبوونی ژمارەیی وڕێژەی پزیشك و و خاوەنپیشە تەندروستی و ئیدارییەکان لە شاری سیدصادق لە ساڵی 2024

| ناوی گەڕەك | سەروەران | خانزاد | سەراوی خواروو | ڕۆژهەڵات | شانەدەری کۆن | شانەدەری تازە | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ. پزیشك | 69 | 0 | 0 | 2 | 0 | 0 | 71 |
| ڕێژە (%) | 97.1 | | 0 | 2.9 | 0 | 0 | 100 |
| ژ. کارمەندی پزیشکی | 143 | 18 | 3 | 42 | 6 | 4 | 216 |
| ڕێژە (%) | 66 | 8.4 | 1.4 | 19.5 | 2.8 | 1.9 | 100 |
| ژ. کارمەندی ئیداری | 97 | 12 | 1 | 36 | 2 | 0 | 148 |
| ڕێژە (%) | 65.6 | 8.2 | 0.6 | 24.4 | 1.2 | 0 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، نەخۆشخانەی شەهید شەوکەت، داتای بڵاونەکراوە، 2024.

**سێیەم: دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەی دەرمانخانە و نۆڕینگەکان**

دەرمانحانە ئەو شوێنەیە کە چارەسەر و پێداویستی پزیشکی تێدایە و پێشکەشی بەو کەسانە دەکات کە پێویستییانە. دوای ئەوەی پزیشگ پشکنینی نەخۆشەکە دەکات و چارەسەری پێویستی بۆ دەنوسێت و لە دەرمانخانەکان بەدەستی دەخات. بۆیە بوارێکی گرنگی خزمەتگوزاری تەندروستییە( مصطفی، 2020، ل106-107). لە شاری سیدصادق (6)دەرمانخانە لە شارەکەدا هەیە کە هەیە،(3) دەرمانخانە و بە رێژەی (50%) لە گەڕەکی سەروەرانە هەرچی گەڕەکی سەراوی خواروو و ڕۆژهەڵات و شانەدەری کۆن و شانەدەری تازە یەك (1) دەرمانخانەی هەیە و ڕێژەکەی (16.66%).تاقیگەکان ڕۆلی گرنگ دەبینن لە خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ دیاریکردنی جۆری نەخۆشی کە یارمەتی پزیشك دەدات لە دیاریکردنی جۆر و شوێنی نەخۆشیەکە و بەتایبەت یارمەتی دیاریکردنی بارودۆخی نەخۆش دەدات پیش چون بۆ نەشتەرگەری. کۆی ژمارەی تاقیگە لە لە شاری سیدصادق (3)تاقیگەیە، (2)تاقیگە و بە رێژەی (66.7%) لە

گەڕەکی سەروەرانە و گەڕەکی ڕۆژهەڕت (1) تاقیگەی هەیە بەڕێژەی (33.3%) هەرچی گەڕەکی سەراوی خواروو و شانەدەری کۆن و شانەدەری تازە هیچ تاقیگەیەکیان تێدا نییە. بەخزمەتگوزاری تیشك (2) دانە هەیە لە شارەکەدا ئەویش دەکەونە هەردوو گەڕەکی سەروەران و ڕۆژهەڵات.خشتەی (3).

خشتەی (3) دابەشبوونی ژمارەیی وڕێژەی دەرمانخانە و تاقیگە و نۆرینگە لە شاری سیدصادق لە ساڵی 2024

| ناوی گەڕەك | سەروەران | سەراوی خواروو | ڕۆژهەڵات | شانەدەری کۆن | شانەدەری تازە | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەرمانخانە | 3 | 1 | 1 | 1 | 1 | 6 |
| ڕێژە (%) | 42.8 | 14.3 | 14.3 | 14.3 | 14.3 | 100 |
| تاقیگە | 2 | 0 | 1 | 0 | 0 | 3 |
| ڕێژە (%) | %66.7 | 0 | %33.3 | 0 | 0 | %100 |
| تیشك | 1 | 0 | 1 | 0 | 0 | 2 |
| ڕێژە (%) | %50 | 0 | %50 | 0 | 0 | %100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، نەخۆشخانەی شەهید شەوکەت، داتای بڵاونەکراوە، 2024.

**باسی دووەم: شیکردنەوەی تایبەتمەندی شوێنجیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان**

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی جوگرافیا ئەوەیە کە بەزۆری پێوەرەکانی ناسراوە دەربارەی دابەشبوونی دیاردەکان، کە دەکرێت زیاتر لە پێوەرێك بەکاربهێنرێت بۆ زانینی سروشتی دابەشبوونی دیاردەکان و هەریەکێکش لەو پێوەرانە ئاماژە و تایبەتمەندیەکی جوگرافی تایبەت بەخۆی هەیە لەوانە (ناوەندی شوێنی Mean center)، (ئاڕاستەی دابەشبوون Directional Distribution) (دووری پێوانەیی Standard Distance). تێکرایی نزیکترین هاوسێ : Average Nearest Neighbor کە دەکرێت بەکاریان بهێنین بۆ لێکۆڵینەوە لە سروشت و تایبەتمەندی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی شاری سەید صادق.

**یەکەم: ناوەندی شوێنی Mean center**

ناوەندی شوێنی بە هەنگاوی یەکەم دادەنرێت بۆ زانینی سروشتی دابەشبوونی دیاردەکان، لەبەرئەوەی شوێنێکی ناوەندی دیاریدەکات کە دەکەوێتە سەنتەری ڕەگەزەکانی دیاردەکە، یەکێکە لە سادەترین پێوەرەکانی گردبوونەوە ئامانجی دیاریکردنی چەقی ناوەندییە بۆ هەر دابەشبوونێکی شوێنی کە جوگرافیزانان بەکاریدەهێنن لە توێژینەوەکانی دابەشبوونی شوێنیدا بەدیاریکردنی چەقی ڕاکێشان بۆ ئەم دابەشبوونە، ئەمەش لە ڕێگای هەژمارکردنی ناوەندی تەوەرەی (X) و تەوەرەی (Y) بۆ گشت دیاردە جوگرافیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە، ئەم پێوەرە سوودی لێدەبینرێت بۆ پێوانەکردنی ماوەی گۆڕانی سروشتی دابەشبوونی دیاردەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا، یان بۆ بەراوردکردنی نێوان دابەشبوونی ڕەگەزەکانی دوو دیاردە یان زیاتر لە شوێنێکی دیاریکراو یاخود دیاریکردنی گونجاوترین شوێن بۆ ڕەگەزێك کە پێویستە شوێنێکی ناوەندی هەبێت بۆ نموونە شوێنە بازرگانییەکان یان خزمەتگوزارییەکان(مصطفی، عباس، حسێن، 2021،

ل254).نەخشەی (3) تایبەتمەندییەکانی دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە شاری سەید صادق ڕوون دەکاتەوە بەگوێرەی پێوەری ناوبراو، بەجۆرێك ناوەندی شوێنیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە شوێنێکدا هەڵکەوتوون کە بە چەقی ناوەند هەژمار دەکرێت، بەجۆرێك ناوەندی شوێنییەکەیان کەوتووتە دەرەوەی شار ئەمەش بەواتای ئەوە دێت سەنتەری گردبونەوە دەکەوێتە دەرەوەی شار ئەمە بۆ سروشتی دابەشبوونی جوگرافی شار کە شێوازێکی درێژبووەی وەرگرتووە بە ئاڕاستەی شەقامە سەرەکییەکان هەروەها دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییەکە دەگەڕێتەوە کە بەشێوەیەك هاوسەنگ دابەشنەبوون.

**دووەم: ئاڕاستەی دابەشبوون (Directional Distribution).**


ئاڕاستەی دابەشبوون بە پێوەرێکی گونجاو دادەنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئاڕاستەی پەرتبوونی خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان(السماك ، عزاوي ، 2011،ص12). ئەم پێوەرە لە جوگرافیادا بە گرنگ دادەنرێت بۆ دیاریکردنی ئاراستەی دیاردەکان بەجۆرێك سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ ئەنجام دانی کردارەکانی پلاندانان ئەم پێوەرە لە پێوەری دووری پێوانەیی دەچێت بەڵام لە هەژمارکردندا جیاوازە لەگەڵیدا بە دوو ئاراستەی جیاواز، یەکەمیان لەسەر تەوەری (X) و دووەمیان لەسەر تەوەری (Y) لە ئەنجامدا شێوەیەکی هێلکەیی دەرئەچێ(عزیز، 2013، لا16). بۆ گەیشتن بە دیاریکردنی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە پشت بەستراوە بە تەکنیکی (Directional Distribution)، لە چوارچێوەی (Measuring Geographic Distribution ) لەژێر لیستی (Spatial Statistics Tools) دا هەیە نەخشەی (3) تایبەتن بە خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان.

لەدوای جێبەجێ کردنی تەکنیکی ئاڕاستەی دابەشبوون ((Directional Distribution، لە چوارچێوەی بەرنامەی Arc) (Gisلەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان لە شاری سەید صادق بەو دەرئەنجامە گەیشتین: ئاڕاستەی ڕاستەقینەی بڵاوبوونەوەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان شاری سەید صادق کە شێوەیەکی هێلکەیی وەرگرتووە لە تەرزەکانی دابەشبوونی لە سنووری نێوان باشووری خۆرئاوا بۆ باکووری خۆرهەڵاتدایە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شارەکە بە ئاڕاستەی باکور و خۆرئاوا درێژبۆتەوە ئەمەش پەیوەستە بە شێوەی فراوان بوونی شارەکە کە شێوەیەکی درێژکۆڵانەی وەرگرتووە، هەروەها ئاڕاستەی بڵاوبوونەوەیان هەمان ئاڕاستەی فراون بوونی شارەکەیە واتە بەشێوازی نیشتەجێبوونی دانیشتوان بڵاوبۆتەوە کە ئەمەش کاری کردۆتە سەر توانستی وەزیفی خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان ئەمە جگە لەوەی خزمەتگوزارییەکان شێوازێکی چریان وەگرتووە.

**سێیەم: دووری پێوانەیی (Standard Distance).**

ئامانج لە بەکارهێنانی دووری پێوانەی دەستکەوتنی وەسفێکە دەربارەی ڕادەی بڵاوبوون و کۆبونەوەی دیاردەکان بە دەوری ناوەندە شوێنییەکاندا، ئەمەش بەکێشانی بازنەیەکە ئەم بازنەیەش دەبێتە سەنتەری ناوەندە شوێنییەکە، هەروەها، نیوەتیرەکەشی یەکسانە بە دووری پێوانەیی، ئەگەر هاتوو ئەو بازنەیەی کە یەکسانە بە دووریەکی پێوانەیی(68.27%) ڕەگەزەکانی دیاردەکانی لەخۆ گرتبوو ئەوە توخمەکانی ئەو دیاردەیە بەشێوەیەکی سروشتی دابەشبووە،جگە لەمە هەر جۆرە دابەشبوونێك دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەند فاکتەرێکی ترەوە(عبداللە، حسن، 2008، ص106). بەئامانجی گەیشتن بە دیاریکردنی دووری پێوانەیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە شاری سەید صادق پشتمان بەستووە بە تەکنیکی (Standard Distance)). لە ژێر لیستی (Measuring Geographic Distributions)) و ( Spatial

(Statistics Tools)، بەشێوەیەکی یەک بەدوای یەکدا لە بەرنامەی(Arc Gis) بە ڕوانین لە نەخشەی (3) تایبەتمەندییەکانی دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی شاری سەید صادق دەردەکەوێت بەگوێرەی پێوەری دووری پێوانەیی تێبینی دەکرێت، خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان لە دابەشبوونیان بەدەوری ناوەندە شوێنییەکاندا زیاتر مەیلیان بەرەو دابەشبوونێکی سروشتی دەچێت، شێوازێکی چریان وەرگرتووە، ئەمەش بەگوێرەی دەرئەنجامی دووری پێوانەییەکەیان، کە زیاترە لە ڕێژەی سروشتییەوە، بەجۆرێك ڕێژەی ئەو خزمەتگوزاریی تەندروستییانە کەوتوونەتە ناو یەك دووری پێوانەییەوە . نەخشەی (3)ناوەندی شوێنی و دووری پێوانەیی و ئاڕاستەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی 2024




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن: بە بەرنامەی Arc GIS.10.8

**باسی سێیەم: هەڵسەنگاندنی توانستی وەزیفی خزمەتگوزاری تەندروستی و ئاسۆیی داهاتووی لە شاری سەید صادق:**

هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان هۆکارێکە بۆ دەرخستنی توانای خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەهەر ناوچەیەکدا، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست و گونجاو بۆ گشت تاکەکان و تەواوی دانیشتوان بەگوێرەی داواکاری پێویستییەکانیان. لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەمان چەند پێوەرێکمان بەکارهێناوە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی توانستی ئەم خزمەتگوزارییە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم بەشەمان دابەشی دوو باس کردوە، ئەوانیش:

**یەکەم: هەڵسەنگاندنی توانستی وەزیفی خزمەتگوزاری تەندروستی لە شاری سەید صادق:**

لەم باسەدا هەڵسەنگاندنێك بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی شاری سیدصادق دەکەین و بەراوردی دەکەین بەپێی پێوەرەکانی عێراق.

### 1: پێوەری دانیشتوان/نەخۆشخانە و مەڵبەند و بنکەی تەندروستی:

ئەم پێوەرە پەیوەندییەکی دوور لە نێوان زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و بنیادنانی نەخۆشخانەکاندا ڕوون دەکاتەوە، بەو واتایەی هەر کاتێك ژمارەی دانیشتوان زۆربوو، پێداویستییەکان بۆ دروستکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان زۆر دەبێت، بەتایبەت نەخۆشخانەکان. لە هەندێك وولاتاندا نەخۆشخانەیەك بۆ (25,000-50,000)کەس بونیاد دەنرێت، لە هەندێکی تردا (60,000)کەس، بەڵام بەپێی پێوەری پلاندانانی عێراقی هەر نەخۆشخانەیەك بۆ (20,000)کەس بنیاد دەنرێت. مەڵبەند و بنکە تەندروستییەکانیش (10,000)کەس(حمه على، 2023، ل102-105). سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە کە (1) نەخۆشخانەی هەیە بەڵام پێویستی بە (3) نەخۆشخانەی ترە هەروەها (5)مەڵبەند و بنکەی تەندروستی هەیە بەڵام پێویستی بە (3)مەڵبەند و بنکەی تەندروستی تر هەیە. خشتەی (4).خشتەی (4) تێکرایی ژمارەی دانیشتوان بەرامبەر بە نەخۆشخانە و مەڵبەند و بنکەی تەندروستی لەناوچەی لێکۆڵینەوە

| جۆری خزمەتگوزاری | دانیشتوان/کەس | پێوەری عێراقی/کەس | ژ. نەخۆشخانە و مەڵبەند و بنکەی تەندروستی | ژ. خزمەتگوزاری / پێوەر | کورت هێنان لە دۆخی ئێستا /پێوەر | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ژمارە | ئاماژە |
| نەخۆشخانە | 80,408 | 20,000 | 1 | 4 | 3 | ↓ |
| مەڵبەند و بنکەی تەندروستی | | 10,000 | 5 | 8 | 3 | ↓ |

سەرچاوە: کاری توێژەران : پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (1).

### 2: پێوەری دانیشتوان/پزیشك:

ژمارەی پزیشك و کارمەندانی تەندروستی لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاوازە، بەهۆی جیاوازی ئاستی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە، کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بە لایەنی پۆزەتیڤت و لە ناوچەکانی وولاتانی خورهەڵاتی ناوەڕاست نێگەتیڤن،بەپێی پێوەری عێراقی بۆ هەر (1,000) کەس لە دانیشتوان (1)پزیشك دیاری کراوە(الاسدي، 2013، ص185) لە کاتی بەراووردکردنی تێکرایی ژمارەی دانیشتوانی شاری سەید سادق بۆ هەر پزیشکێك دەبینین هەر پزیشکێك (1,641)دانیشتوانی بەردەکەوێت واتە (31) پزیشکی تر پێویستە بۆ ناوچەکە بەپێی پێوەری عێراقی، خشتەی (5).

| یەکە کارگێرییەکان | دانیشتوان / کەس | پێوەری دانیشتوان / پزیشك | ژمارەی پزیشك | تێکرایی دانیشتوان/ پزیشك | پزیشکی پێویست | کەمی پزیشک ((النقص)) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ژمارە | ئاماژە |
| **شاری سیدصادق** | 80,408 | 1,000 | 49 | 1641 | 80 | 31 | ↓ |

خشتەی (5) تێکرایی ژمارەی دانیشتوان بەرامبەر بە پزیشك لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ 2024

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (2).

**3: پێوەری دانیشتوان/پزیشکی ددان:**

ژمارەی پزیشکی ددان بەپێی پێوەری عێراقی (1)پزیشکە بۆ (2,000)کەس (حمە علی، 2023، ل106) لە کاتی بەراووردکردنی تێکرایی ژمارەی دانیشتوانی شاری سەید سادق بۆ هەر پزیشکێك دەبینین هەر پزیشکێك (1,132)لە دانیشتوانی بەردەکەوێت واتە (20) پزیشکی تر پێویستە بۆ ناوچەکە بەپێی پێوەری عێراقی، لە خشتە (6).

| یەکە کارگێرییەکان | دانیشتوان/ کەس | پێوەری دانیشتوان/ پزیشك | ژمارەی پزیشك | تێکرایی دانیشتوان/ پزیشك | ژمارەی پزیشکی پێویست | کەمی پزیشک ((النقص)) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ژمارە | ئاماژە |
| **شاری سیدصادق** | 80,408 | 2,000 | 20 | 4,020 | 40 | 20 | ↓ |

خشتەی (6) تێکرایی ژمارەی دانیشتوان بەرامبەر بە پزیشکی ددان لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ 2024

سەرچاوە: کاری توێژەران : پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (2).

**4: پێوەری دانیشتوان بۆ قەرەوێلە:**

پێوەری قەرەوێلە بۆ دانیشتوان بە پێوەرێکی گرنگ دادەنرێت، ڕاژەی قەرەوێلە ڕێبەرێکی گرنگە بۆ پێوانەکردنی ئاستی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان لە هەر دامەزراوەیەکی تەندروستیدا و گۆڕاوێکە جۆری خزمەتگوزارییە پزیشکی و تەندروستییەکان و قەبارەیان پێ دیاریدەکرێت، لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گونجاو. بە پشت بەستن بە پێوەری عێراقی، کە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی دانراوە، یەك قەرەوێلە بۆ (200) کەسە(مصطفى، عباس، حسێن، 2021، ل256) بە جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، ئەوا دەردەکەوێت کە لەسەر ئاستی شاردا لە نەخۆشخانەدا (1,608) کەسی لەدانیشتوانی شاری سەید صادق یەك قەرەوێلەی بەردەکەوێت بەمەش (352) قەرەوێلە کەمی هەیە لە پێوەری دیاریکراو، چونکە ئەگەر دانیشتوانی ناوچەکە خزمەت بکرێن بەپێی پێوەرەکانی عێراقی پێویستییەکانیان دابینبکرێن پێویستە ئەم برە قەرەوێڵەیان بۆ دابینبکرێت، ئەمەش نا هاوسەنگی بەدەردەکەوێت لە نێوان ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی قەرەوێلەکانی نەخۆشخانەکاندا کە کاردەکاتە سەر ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان. خشتەی (7).

خشتەی (7) تێکرایی ژمارەی دانیشتوان بەرامبەر بە قەروێلە لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ 2024

| یەکە کارگێرییەکان | دانیشتوان/ کەس | پێوەری دانیشتوان/ قەرەوێلە | ژمارەی قەرەوێڵە | تێکرایی دانیشتوان/ قەرەوێڵە | قەرەوێلە پێویست | کورتهێنان لە قەرەوێلە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ژمارە | ئاماژە |
| **شاری سیدصادق** | 80,408 | 200 | 50 | 1608 | 402 | 352 | ↓ |

سەرچاوە: کاری توێژەران : پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (1).

**5: پێوەری دانیشتوان بۆ دەرمانخانە:**

دەرمانخانەکان بەشێکی گرنگی خزمەتگوزاری تەندروستین لە ڕێگەیەوە داودەرمانی پێویست بۆ نەخۆش دابین دەکرێت، بەپێی پێوەرە نێوخۆییەکان هەر دەرمانخانەیەك بۆ (20,000)کەس لە دانیشتوان دیاریکراوە(حمدأمين، عباس، حسێن، عمر، 2020، ل45). لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم پێوە بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوەدا ئەوە دەردەکەوێت کەوا تێکرایی ژمارەی دەرمانخانە بەرامبەر دانیشتوان لەسەر ئاستی شارەکەدا(26,802) کەس، ئەمەش برەکەی زیاترە لە ڕێژەی دیاریکراو لە ئێستادا پێویستی بەدەرمانخانەیەکی ترە بۆ ئەوەی پێویستییەکانیان دابین بکەن. خشتەی (8).

خشتەی (8) تێکرایی ژمارەی دانیشتوان بەرامبەر بە دەرمانخانە ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ 2024

| یەکە کارگێرییەکان | دانیشتوان/کەس | پێوەری دانیشتوان/ دەرمانخانە | ژمارەی دەرمانخانە | تێکرایی دانیشتوان/ دەرمانخانە | ژمارەی دەرمانخانەی پێویست | کورتهێنان لە دەرمانخانە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ژمارە | ئاماژە |
| **شاری سیدصادق** | 80,408 | 2000 | 3 | 26,802 | 4 | 1 | ↓ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (3).

**: پێوەری ژمارەی کارمەندی تەندروستی بۆ پزیشك:**

یەکێکە لە پێوەرە گرنگ و بەکارهاتووەکان بۆ پێشکەش کردن و توانای خزمەتگوزاریی تەندروستی لەهەر ناوچەو شوێنێکدا جێگای ئاماژەیە پێوەرە نێوخۆییەکان هەر (3) سێ خاوەن پیشەی تەندروستی بۆ هەر پزیشکێک داناوە(الجميلي، 2007،ص 273). لەمەی کە باسکرا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە بەگوێرەی پێوەری بەکارهاتوو ناوچەی لێکۆلینەوە بە جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە تێبینی ئەوە دەکرێت، کەوا ڕێژەکە بریتییە لە (3) کە ئەمە برەکەی هاوتایە هەروەها (3) کارمەندی تەندروستی زیاترە لە بڕی پێویست. خشتەی (9).

خشتەی (9) تێکرایی ژمارەی پەرستیار بەرامبەر بە پزیشك لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی 2024

| یەکە کارگێرییەکان | ژمارەی پزیشك | ژمارەی کارمەند | پەرستیار/ پزیشك | ژمارەی پەرستیاری پێویست | کەمی (النقص) | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ژمارە | ئاماژە |
| **گشتی** | 71 | 216 | 3 | 213 | 0 | = |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (3).

**دووەم: ئاسۆیی داهاتووی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە شاری سەید صادق**

گەشەی شارو فراوانبوونی دیاردەیەکی شارستانییە پەیوەستە بەژمارەیەك گۆڕانکارییەوە کاتێك ڕووبەڕووی شارەکان دەبێتەوە، هەروەها شتێکی ئاسایی و سروشتییە. فراوانبوونی شارەکان لە هەرکاتێکدا بێت کۆمەڵێك هۆکار کاریگەری لەسەری هەیە، ئەم کاریگەریانەش لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاوازە (سعید، کریم، 2022، ل191). هەر بۆیە لەم باسەدا باس لە داهاتووی شاری سیدصادق دەکەین تاوەکو بزانین لە داهاتوودا ئەم شارە پێویستی بەچەند خزمەتگوزاری تەندروستی هەیە.ئامانجی سەرەکیش بریتییە لە : زانینی پێداویستییەکانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی بنەڕەت (2024)، تا ساڵی ئامانج (2040 )، لەم تەوەرەدا توێژەران پشتیان بە هەڵسەنگاندنی ئەم پێداویستییە بەستووە، کە لە ژێر کاریگەری ئاماژەکانی دانیشتوان هاتۆتەکایەوە.لە ڕوانگەی ئەم ڕاستیەوە بۆ مەزەندەکردنی قەبارەی دانیشتوانی لە شاری سەید صادق دا لە داهاتوودا پشت دەبەستین بە زیادبوونی ساڵانەی دانیشتوان، بەگوێرەی داواکارییەکانی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە، پشت بەستن بە زیادەی ساڵانەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ڕێژەکەی گەیشتووەتە (3).ئەمەش مەزەندە دەکرێت، تا ساڵی (2040) ژمارەی دانیشتوان لە شارەکەدا بگاتە (80,408)، کەس، خشتەی (10)، ئەو زیادبوونەی ژمارەی دانیشتوان پێویستی بە خزمەتگوزاریی تەندروستی گەورە دەبێت، لە داهاتوودا، بەشێوەیەك داواکارییەکانی دانیشتوان دابین بکات کە بەردەوام لە زیادبووندایە.

خشتەی (10) مەزەندەکردنی ژمارە دانیشتوانی لەشاری سەید صادق لە نێوان ساڵانی(2025- 2040)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | ساڵ | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| **2025** | 82820 | 2033 | 104914 |
| **2026** | 85305 | 2034 | 108062 |
| **2027** | 87,864 | 2035 | 111,303 |
| **2028** | 90,500 | 2036 | 114,643 |
| **2029** | 93,215 | 2037 | 118,082 |
| **2030** | 96,011 | 2038 | 121,624 |
| **2031** | 98,892 | 2039 | 125,273 |
| **2032** | 101,858 | 2040 | 129,031 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە جێبەجێ کردنی هاوکێشەی بەدوا یەکهاتنی ئەندازەیی لەسەر ژمارەی دانیشتوانی بۆ ساڵی(2024) و ڕێژەی زیادبوونە ساڵانەکەی.بۆ دیاریکردنی ژمارەی دانیشتوانی قەزای سەید **صادق** بۆ ساڵی (2025) تاوەکو ساڵی (2040) پشتمان بەستووە بە هاوکێشەی بەدوای یەکداهاتنی ئەندازەیی بە گوێرەی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە:

$$P_n = P_o (1+ r/100)^n$$

$P_n$: ژمارەی دانیشتوانی ساڵی مەبەست. 2040

$P_o$: ژمارەی دانیشتوان ساڵی بنەڕەت. 2022

r: درێژی ماوەی نێوان ساڵی بنەڕەت و ساڵی مەبەست.

n : ڕێژەی زیادبوونی نێوان ساڵەکان تا ساڵی مەبەست. (ابو عيانة، 1986، ص560.)

پێداویستی بۆ نەخۆشخانەکان بەگوێرەی پێوەری دانیشتوان (20,000) کەس بۆ هەر (نەخۆشخانەیەکی ناوەندی)یە، بە سەرنجدان لە خشتەی (11)، پێداویستیەکانی داهاتوو لە قەزای سەید صادق تیایدا خراوەتە ڕوو، بەگوێرەی پلانی ساڵی(2040)، (4) نەخۆشخانەی پێویستە ژمارەی دانیشتوان بە شێوەیەکی بەردەوام زیاد دەکات، ئەم زیاد بوونەش پێویستی بە ژمارەی پزیشك دەبێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان بە گوێرەی پێوەری عێراقی (1,000)، کەس بۆ هەر پزیشکێك دانراوە) پزیشکە و بەگوێرەی پلانی ناوبراو ناوچەی لێکۆلینەوە پێویستی بە (82) پزیشك هەیە.ژمارەی کارمەندی تەندروستی کەوا پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە پزیشکەوە هەیە لە کاری خزمەتگوزاریی تەندروستدا تەواوکەری یەکترن، بە گوێرەی وەزارەتی تەندروستی (3) پەرستار بۆ هەر پزیشکێکە،ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی پلانی ساڵی (2040) (246) کارمەندی تەندروستی پێویستە.هەرچی تایبەتە بە قەرەوێلە کە لە نەخۆشخانەکاندا بوونی هەیە پەیوەندیەکی بەهێزی بە ژمارەی دانیشتوانەوە هەیە، بەگوێرەی پێوەری عێراقی (200) کەس بۆ هەر قەرەوێلەیەك دانراوە، لە شاری سەید صادق بۆ ساڵی (2040) (414) قەرەوێلەی پێویستە، خشتەی (11).

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە خشتەی (12) . خشتەی (11) خزمەتگوزاری تەندروستی مەبەست لە ناوچەی لێکۆلینەوە بۆ ساڵی (2040)

| ژمارەی دانیشتوان مەزەندەکردن 2040 | ژمارەی نەخۆشخانە ناوەندی لە کۆتایی هەر قۆناغێك | ژمارەی پزیشك لەکۆتایی هەر قۆناغێك | ژمارەی کارمەندی تەندروستی لەکۆتایی هەر قۆناغێك | ژمارەی قەرەوێلە لە کۆتایی قۆناغێك |
|---|---|---|---|---|
| **82,820** | 4 | 82 | 246 | 414 |

**دەرئەنجام**

1-شاری سیدصادق کە ناوەندی قەزای سیدصادقە تەنها (1) نەخۆشخانەی گشتی پەنجا قەرەوێڵەیی و (2) مەڵبەندی تەندروستی و (3) بنکەی تەندروستی تێدا هەیە،هەروەها (71 )پزیشك و (216) خاوەن پیشەی تەندروستی هەیە، هەروەها بڕی (6)دەرمانخانە و ژمارەی تاقیگە (3)تاقیگە و ژمارەی تیشك (2)دانەی هەیە .

2-لەدوای جێبەجێ کردنی تەکنیکی دووری پێوانەی تایبەتمەندییەکانی دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکنی لە شاری سەید صادق دەردەکەوێت بەگوێرەی پێوەری دووری پێوانەیی تێبینی دەکرێت، خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان لە دابەشبوونیان بەدەوری ناوەندە شوێنیەکاندا زیاتر مەیلیان بەرەو دابەشبوونێکی سروشتی دەچێت، شێوازێکی چڕیان وەرگرتووە.

3-ناوچەی لێکۆڵینەوە هەژارە لە ڕووی ژمارەی پزیشکی پێویست بەمەبەستی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری گونجاو و شایستە بە دانیشتوانی شارەکە، پێویستیان بە (31) پزیشکی گشتی و (20) پزیشکی ددانی تر هەیە بە پێی پێوەری عێراقی.

4-پێداویستیەکانی داهاتوو لە شاری سەید صادق بۆ ساڵی 2040 بریتییە لە (4) نەخۆشخانە و ( 82) پزیشك و (246) کارمەندی تەندروستی و(414) قەروێلەی پێویستە.

**پێشنیار**

بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بە هاوڵاتیان بە باشترین شێوە، چەند پێشنیارێك دەخەینە ڕوو، ئەوانیش:

1-دروستکردنی نەخۆشخانە بەپێی ژمارەی دانیشتوان و دابەشبوونی بەشێوەیەکی هاوسەنگ بەسەر گەڕەکەکانی شاردا. بەتایبەت ڕەچاوکردنی شوێنی مەڵبەندە تەندروستییەکان بە جۆرێك لەسەر شەقامی سەرەکی بن تاوەکو هەموو کەسێك بەئاسانی پێیبگات. بەتایبەت گەڕەکەکانی (بەختیاری، ڕزگاری، فەرمانبەران، هەوری تازە، بەرکێو....)

2-دابینکردنی (31) پزیشك (و (20) پزیشکی ددان بەپێی پێوەرەکانی پلاندانانی عێراق بۆ ساڵی (2024).

3-دابینکردنی پێداویستیە تەندروستییەکانی وەك تاقیگە و نۆرینگە و (1) دەرمانخانە بەپێی ژمارەی دانیشتوان.

4-ڕەچاوکردنی گەشەی دانیشتوان و پلان دانان بۆ داهاتووی خزمەتگوزاری تەندروستی لە قەزاکەدا بە جۆرێك ڕووبەڕروی کەمترین گرفت ببێتەوە لە ڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە دانیشتوان.

لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم: کوردی

أ-کتێب

1- مصطفی، فاطمە قادر، جوگرافیای خزمەتگوزاری، چ1، چاپخانەی جەنگەڵ، 2020.

ب-نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا

1. حمە علی، هەردی عبدالرحمن، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاریی (تەندروستی و خۆشگوزەرانی و ئاینی) لە شاری هەڵەبجە، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2023.
2. عزیز، امیر قادر، هەڵسەنگاندنێکی جوگرافی بۆ بەکارهێنانەکانی زەوی ئاینی لە شاری هەولێر بە بەکارهێنانی سیستەمی زنیارییە جوگرافییەکان (GIS)نامەی ماستەر بلاونەکراوە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،2013.

ج-گۆڤاری زانستی

2- حمدأمین، هاشم یاسین و عباس، هۆشمند جوهر و حسێن، سەنگەر احمد و عمر، فەرهاد عثمان، جیاوازی شوێنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای خەبات، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان،ژ6، 2020.
3- سعید، کامران طاهر و کریم، ڕۆژان کامران، دیاردەی بەدیلگرتنی شار و کاریگەری لەسەر فراوانبوونی شاری کۆیە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە 9، 2022.
4- مصطفی، فاطمە قادر، عباس، هۆشمەند جوهر و حسێن، سەنگەر احمد، شیکردنەوەی شوێنی بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای مێرگەسوور، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ21، 2021.

د-فەرمانگەی حکومی

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانانی خکومەتی هەرێم، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، 2024.

دووەم: عەرەبی

أ-کتێب

2- ابو عيانة،محمد فنحي، جغرافية السكان، دار النهضة العربية للطباعة والنشر،بيروت، 1986.
3- السماك ، محمد ازهر سعيد و عزاوي ، علي عبد عباس ، البحث الجغرافي بين المنهجية التخصصية و الاساليب الكمية و تقنيات المعلوماتية المعاصرة GIS ،دار اليازوري، عمان، الاردن ، 2011.

ب-نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا

1- 1الاسدي، أميره محمد علي حمزه سعيد، كفاءة التوزيع المكاني لخدمات التعليم العام في مدينة الحلة، *كلية التربية للبنات، قسم الجغرافية، جامعة بغداد،* 2013.

2- الجميلى ، رياض كاظم سلمان ، كفاءة التوزيع المكانى للخدمات المجتمعيه و التعليمية و الصحية و الترفهية) في مدينة كربلاء، اطروحة دكتوراة، كلية تربية (ابن رشد) جامعة بغداد، بغداد،2007.

3- الرواندزى، عمر حسن حسين، العلاقات المكانيه بين شبكه النقل و كفاءه الخدمات الصحيه فى مدينه اربيل، اطروحة دكتوراة (غيرمنشورة)، كليه العلوم الآنسانيه " جامعه دهوك"، دهوك، 2019.

ج-گۆڤاری زانستی

1- عبدالله، نشوان شكري و حسن، مزكين محمد، تحليل الخضائص المكانية و الوظفية لوحدات الورش الصناعية في مدينة دهوك باستخدام ال GIS، مجلة جامعة دهوك، العدد21،كانون الاول 2008.

**التحليل الجغرافي للتوزيع للخدمات الصحية في مدينه سيد صادق**

**الملخص**

الخدمات الصحية هي إحدى الخدمات التي تلعب دورا رئيسيا في المدن وتصبح حضارة وتطورا للمدينة، بشرط أن توفر الاحتياجات الطبية لجميع سكان المدينة وتطابق المعايير العالمية.هدف الدراسة هو عرض الخدمات الصحية في مدينة سيد صادق لعام 2024. تم إجراء تقييم الخدمات الصحية في منطقة الدراسة مقارنة بمعايير الخدمات الصحية في جمهورية العراق الاتحادية باستخدام نظم المعلومات الجغرافية. ولهذا الغرض تم تقسيم البحث إلى ثلاثة فصول، الفصل الأول هو التعريف بمنطقة البحث وتوزيع الخدمات الصحية في سيد صادق الفصل الثاني هو تحليل الخصائص المكانية للخدمات الصحية في مدينة سيد صادق و أما الفصل الثالث فقد خصص لتقييم القدرة الوظيفية للخدمات الصحية والآفاق المستقبلية للخدمات الصحية في المدينة، ولهذا الغرض تم استخدام عدة أساليب منها الأساليب الوصفية والتحليلية. وفي نهاية الدراسة وجدنا أنه لا يوجد سوى (1) مستشفى عام يسع خمسين سريراً، و(2) مركزاً صحياً، و(3) مراكز صحية، بالإضافة إلى (71) طبيباً، و(216) مهنياً صحياً. عدد الصيدليات والمختبرات (3) مختبرات وعدد الأشعة (2) غير مطابق لمعايير الخدمات الصحية في جمهورية العراق الاتحادي.

.

# Geographical analysis of the spatial distribution of health services in Said Sadiq


## Abstract

Health services are one of the services that play a major role in cities and become a civilization and development of the city, provided that they provide the medical needs of all residents of the city and meet international standards The aim of the study is to present health services in the city of Sayed Sadiq for the year 2024. An evaluation of health services in the study area compared to the standards of health services in the Federal Republic of Iraq was conducted using geographic information systems. For this purpose, the research was divided into three chapters. The first chapter is an introduction to the research area and the distribution of health services in Sayed Sadiq. The second chapter is an analysis of the spatial characteristics of health services in the city of Sayed Sadiq and the third chapter was devoted to assessing the functional capacity of health services and the future prospects of health services in the city. For this purpose, several methods were used, including descriptive and analytical methods. At the end of the study, we found that there are only (1) fifty-bed general hospital, (2) health centers and (3) health centers, as well as (71) doctors and (216) health professionals. 6) The number of pharmacies and laboratories (3) laboratories and the number of x-rays (2) does not meet the standards of health services of the Federal Republic of Iraq.